Kurdistan parliament- Iraq

Kurdistan - Erbil

NO:

DATE:

پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

کوردستان ـ هەولێر

لیژنە: پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتی یەکان

ژمارە : ١١

ڕۆژ : ٢٠١٢/٥/٢٩



## بۆ بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق

## بابەت / را پۆرتی بودجەی ساڵی ٢٠١٢

لیژنەکەمان لە ڕۆژانی (یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٥/٢٧) و (دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٤/٢٨) و (سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٥/٢٩) .کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی سازدا بە ئامادە بوونی هەرسێ وەزارەتی (کارەبا ،بازرگانی و پیشەسازی و سامانە سروشتییەکان) یەك لە دوای یەك بۆ گفتوگۆکردن لە سەر پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٢) .پاش گفتوگۆکردن و گۆرینەوەی بیرورا لە لایەن ئەندامانی لیژنە و وەزیر و بەرێوەبەرە گشتی یەکانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان گەیشتینە ئەم خاڵانەی خوارەوە:-

## یەکەم: بودجەی وەزارەتی کارەبا

بودجەی تەرخان کراو لە بودجەی وەبەرهێنان (٣,٦٧٨,٤٣٧) سێ تریلیۆن و شەش سەد و حەفتاو هەشت ملیار و چوار سەد و سی و حەوت ملیۆن دینارە بۆ وەزارەتی کارەبا تەنها (٨٤,٠٠٠) هەشتا و چوار ملیار دینارە کە دەکاتە (٢,٢٨٪) لە بودجە، تەنها بۆ (٩) پرۆژە .هەروەها بودجەی بەکاربەری وەزارەتی کارەبا لە کۆی (١٠,٧٤٥,٧٩٧) ملیۆن دینار (٦٠٨,٤٠٥) ملیۆنە کە دەکاتە ڕێژەی (٥,٦٦٪) .

١-بودجەی تەرخانکراو بۆ پرۆژە پێشنیار کراوەکانی وەزارەتی کارەبا کە ڕێژەی (٢,٢٨ ٪) ی ڕێژەی گشتی بودجەی وەبەرهێنانە کە ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە، چونکە پرۆژەکانی وەزارەتی کارەبا بەیەکەوە گرێدراوە و ساڵانە ڕێژەی بەشدار بووان چ هاولاتی چ پرۆژە وەبەر هێنەرەکان لە زیاد بوونێکی زۆر خێران وە بە پێ ی پلانی وەزارەت پێویستیان بە (٣) سێ ترلیۆنە بۆ پرۆژەکانی دابەش کردن و گواستنەوەی کارەبای هەرێم .

٢- لە کۆی (١٩١) پرۆژە لە ساڵی (٢٠١١) (١١٨) پرۆژە هیچ پارەیەکی بۆ خەرج نەکراوە ، ئەوەش بە هۆی دواکەوتنی بودجەوە.

٣- داهاتی ئەم وەزارەتە لە ساڵی رابردوو دا بە پێی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١١ گەرایەوە بۆ سەر بودجەی وەزارەت کە بڕی (١٥٧)سەد و پە نجاو حەوت ملیار دینار وەرگیراوە لە بری فرۆشتنی کارەبا و (١١٦) سەد و شازدە ملیار دینار یش لە لای هاوبەشانی کارەبا و بە تایبەتی دام و دەزگاکانی حکومەت دایە.

## دووەم : بودجەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی

١-لە کۆی بودجەی وەبەرهێنان تەنهابڕی ( ٦ ) ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ ( ٥ )پێنج پرۆژەی ئەم وەزارەتە.کە دەکاتە ( ٠,١٦٪ ) لە بودجەی وەبەرهێنان کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە .

٢- بودجەی بەکاربەر ( ٧٤٧١٩ ) هەفتاو چوار ملیار و سەد و نۆزدە ملیۆن دینار کە ڕێژەکەی دەکاتە ( ٠,٧٠٪ ) لە کۆی بودجەی بەکاربەر وە پێشنیازی دامەزراندنی ( ١٥٠ ) فەرمانبەر کراوە بۆ ئەم وەزارەتە ، هەرچەندەوەزارەت پێویستی بەم ژمارەیە نیە لە دامەزراندن.

٣- وەزارەت ( ١٢ ) پرۆژەیان پێشکەش کردووە بەلاَم ڕەزامەندی لەسەر تەنها ( ٥ ) پرۆژەیان بۆ هاتووە و، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە و ئەم پێنج پرۆ ژەیە بە گوژمەی( ٥١٤٠٠ ) پە نجا و یەك ملیار و چوار سەد ملیۆنە وە تەنها ( ٦ ) شەش ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە بۆ ساڵی ( ٢٠١٢ ) کە دەکاتە ( ١٢٪ ) گوژمەی تێچووی ئەم پێنج پرۆژەیە کە ڕێژەیەکی زۆر کەمە.

٤- لە پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی بازرگانی کە ژمارەیان ( ١٢ ) پرۆژەیە بە گوژمەی ( ٣٢٦,٣٩٣ ) ملیۆن دینار ( ٧ ) ( ٧ )حەوت پرۆژەیان هیچی بۆ نەکراوە و ئێستا بڕی ( ٣٥,٠٤٣ ) ملیۆن لە ( ٢٠١٢ ) تەرخان کراوە ئەوەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە.

٥- بڕی داهاتی تەخمین کراو بۆ ساڵی ( ٢٠١٢ ) ئەم وەزارەتە تەنها ( ٧,١٨٤ ) حەوت ملیار و سەد و هەشتا و چوار ملیۆن دینارە کە ئەمە ڕێژەیەکی زۆر کەمە بەلاَم بڕی ( ١٩,٤٠٠ ) نۆزدە ملیار و چوارسەد ملیۆنی فرۆشتنی چیمەنتۆی کارگەی ( تاسلوجە ) یە کە ڕاستەوخۆ دەچێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و، ئەم داهاتەی وەزارەت کە لە بوجەدا هاتووە تەنها ڕسوماتی وەزارەتە.

## سێ یەم : بودجەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان

١-لە کۆی بودجەی وەبەرهێنان تەنها ( ٢,٨٥٠ ) دوو ملیار و هەشت سەد و پە نجا ملیۆن دیناریان بۆ تەرخان کراوە بۆ ( ٣ ) سێ پرۆژە لە کۆی گوژمەی پێویست کە ( ١٧ ) حەڤدە ملیار دینارە کە دەکاتە ( ٠,٠٧٧ ) بودجەی وەبەرهێنان.

٢- بودجەی بەکاربەری وەزارەت ( ٥١٤,٢٠٨ ) ملیۆن دینارە کە دەکاتە ( ٤,٧٩٪ ) ی بودجەی بەکاربەر.

٣- وەزارەت ( ٧٠ ) فەرمانبەری بۆ دانراوە بۆ دامەزراندن بەلاَم وەزارەت دەڵێت پێویستیمان بەم ڕێژەیە نیە .

٤- داهاتی ئەم وەزارەتە ( ٣,٦٩٧ ) سێ ملیار و شەش سەد و نەوەد وحەوت ملیۆن دینارە تەنها ڕسومات و ضرائیبە.

## پێشنیازکان/

١- پێشنیاز دەکەین ریزبەندی پرۆژەکان لە دەسەلاَتی وەزارەتی پەیوەندیدار بێت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان.

٢- بودجەی وەبەرهێنان بۆ پرۆژەکان ئەوانەی کە تەواو نابن بە هۆی دواکەوتنی بودجەوە بە هیچ شێوەیەك مناقەلەی پیَ نەکرێت.

٣- بۆ کۆنترۆڵ کردنی بەهەدەرنەدان و زیاد خەرج نەکردن و رێگرتن لە دزینی ووزەی کارەبا و کۆنترۆڵ کردنی داهاتی کارەبا بە شێوەی سیستماتیکی باشتر وەزارەت پێشنیازی پرۆژەی ( پێوەری زیرەك ) ی کردووە بۆ کۆنترۆڵ کردن و چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی سەرەوە و ئێمەش وەك لیژنە پشتگیری لەو پرۆژەیە دەکەین وە داهاتی وەزارەتیش بۆ ئە نجامدان و جیَ بە جیَ کردنی ئەم پرۆژەیە تەرخان بکرێت ، هەرچەندە ئەم پرۆژەیە پێویستی بە ماوەی (٣-٤) ساڵ دەێت.

٤- بودجەی پێویست بۆ دابین کردنی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا نزیکەی (٤) ترلیۆن دینارە، لەم برە تەنها (٥٠١) ملیار خەرج دەکرێت بۆ کرینی سووتەمەنی (٣,٥٠٠) سیَ ترلیۆن و پێنج سەد ملیار لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دابین دەکرێت .

٥- وەزارەتی دارایی ئاسانکاری زیاتر و رۆتین کەمتر بکات لە کاتی خەرج کردنی پارەی پرۆژەکان،تاوەکو وەزارەتەکان بە ئاسانترین شێوە بتوانن پرۆژەکانیان لە کاتی دیاری کراودا ئە نجام بدەن .

٦- سەبارەت بە قەرزی پیشەسازی دەبێت رێنمایی وەزارەتی دارایی و بانکەکان یەك بخرێت ، نەك رێنمایەکانی بانکەکان پێچەوانەی رێنمایەکانی وەزارەتی دارایی بێت.

*لەگەڵ رێزماندا .................*

**ئەڤین عمر احمد**

**ج/ سەرۆکی لیژنە**

**٢٠١٢/٥/٢٩**